## سوورِەی تەڵاق لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٢ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەی پێغەمبەرا! هەرکاتێ ویستتان ژنانتان تەڵاق بدەن ماوەکیان بۆ دیاری بکەن و بیبژێرن (ئەودەمەی لە حەیز پاک بوونە تەوەو لەگەڵ میردەکەیان دەسیان تێکەڵ نەکردبێ) لە خوا کە پەروەرێنەرتانە بترسن و ژنان لە ماڵی خۆیان دەرمەکەن و ئەوانیش (لە دەورانی عیددە) نەچنە دەرێ، مەگەر کاری شوورەیی و خراپی ئاشکرا بکەن، ئەمانە ئەحکام و کەوشەن و سنووری خوان و هەرکەس لە کەوشەن خوا تێپەڕێ ستەمی لە خۆی کردووە، تۆ چوزانی ڕەنگە خوا دوای ئەمە شتێ تازە بەدیبێنێ ﴿١﴾ سا هەرکاتێ ژنان ماوەکەی خۆیان بەسەربرد یا بە باشی ڕایانبگرن یا بە چاکی لێیان جیا بنەوە، (بە شێوەیێ کە لە نێو خۆتاندا باوە) دوو کەسی دادگەر لە خۆتان بگرن بە شایەد، بۆ خوا (بە دروستی) شایەدی بدەن، هەرکەسێ بە خوا و ڕۆژی بەرێ بڕوای هەبێ، بەمە ئامۆژگاری دەکرێن هەرکەس لە خوا بترسێ، خوا ڕێگای ڕزگاری بۆ دائەنێ ﴿٢﴾ لە شوێنێکەوە کە شکی نەدەبرد ڕۆزی ئەدا، هەرکەس خۆی بە خوا بسپێرێ، خوا بۆ ئەو بەسە، خوا فەرمانی خۆی ئەبا بەرێوە، خوا بۆ هەر کارێ ئەندازەیەکی داناوە ﴿٣﴾ لە ژنانی ئێوە ئەوانەی کە لە عوزر (حەیز) پێدا هاتن بێهیوا ببن و ئەوانەی کە عوزر ناشۆن ئەگەر (لەبارەی عیددەیان) لە دوودڵیدا بوون، ئەبێ سێ مانگ چاوەڕوان بن، ئەوانەیش کە زگیان هەیە (دووگیان بوون) ماوەی چاوەڕوانەکەیان دانانی زگەکەیانە، هەرکەسیش خۆی لە خوا بپارێزی خوا کاری ئاسان دەکا ﴿٤﴾ ئەمە فەرمانی خوایە کە بۆی ناردوون و هەرکەس خۆی لە بێئەمری خوا بپارێزێ لە گوناهـ و تاوان پاکی ئەکاتەوە و پاداشی گەورەری ئەداتێ ﴿٥﴾

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



بەوانە (ژنانی تەڵاقدراو) لە هەر کوێ خۆتان ئەژین بەرانبەر بە دەس ڕۆییتنتان جێ و ژیانیان بدەنێ، بە زۆر بۆ هێنان زیانیان پێمەگەیێنن کە بکەونە تەنگانە و ئەگەر دووگیان بوون نەفەقەیان بدەنێ (ژیانیان بۆ دابین بکەن) تا گیانەکەیان دائەنێن، جا ئەگەر شیریان بە منداڵەکانتان دا، مزەیان بدەنێ و (لە بابەت منداڵەکانتانەوە) بە جوانی پێکەوە تەگبیر بکەن، ئەگەر یەکترتان خستە تەنگانە با ژنێتر شیر بەو منداڵە بدا (و دایەنی بۆ بگرن) ﴿٦﴾ با دەوڵەمەندی بە شێوەی دەوڵەمەندی خۆی نەفەقە بدا و کەسێ کە دەسکورت بێ، لەوەی کە خوا پێی داوە، نەفەقە بدا، خوا ئەرک ناخاتە سەرکەس، مەگەر بە ئەندازەی ئەوەی خوا بۆی داناوە، لە پاشان خوا دوای سەختی و تەنگانە فەرعانە دێنێ ﴿٧﴾ چیها خەڵکی ئاوایی کە لە فەرمانی پەروەرێنەر و پێغەمبەرانی خوا ملیان بادابوو، ئێمە بە توندی حیساومان لێکێشان و بە ئازارێکی ناسراو عەزابمان دان ﴿٨﴾ سزای تاوانی خۆیان چەشت، سەرەنجامی کاریان زەرەر و زیان بوو ﴿٩﴾ خوا عەزابی سەختی بۆیان ئامادە کردووە، ئەی خاوەنانی مێشک خوتان لە بێئەمری خوا بپارێزن، ئەوانە کە بڕوایان هێناوە، خوا قورئانی بۆ ناردوون ﴿١٠﴾ پێغەمبەرێک کە نیشانەگەلی ڕوونی خواتان بەسەردا دەخوێنێتەوە تا کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە لە تاریکییەوە بباتە ڕووناکی و هەرکەس کە بڕوا بە خوا بێنێ و کاری چاک بکا، ئەیباتە بەهەشتگەلێ کە ئاو بە بن دارەکانیدا دەڕوا و بۆ هەمیشەیش لەوێدا ئەبن، خوا ڕسق و ڕۆزییەکی چاکی بۆ ساز داوە ﴿١١﴾ خوا زاتێکە کە حەوت ئاسمان و بە وێنەی ئەوانەش زەوی خەڵق کردووە، فەرمانی خوا هەمیشە لە نێو ئەوانەدا دێتە خوارێ، تا بزانن کە خوا بەسەر هەموو شتێکدا توانایە، خوا بە زانست داگری هەموو شتێکە ﴿١٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi